دوای هەڕەشەی حکومەتی هەرێم پۆلیسی ئیتالیا چالاکوان ڕەنج پشدەری دەستگیر دەکات

پۆلیسی ئیتالیا چالاکوانی بواری کەچبەرانی کورد ڕەنج پشدەری دەستگیر دەکات.

دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەممە (20ـی حوزەیرانی 2024)، ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی بواری کەچبەران ڕەنج پشدەری لەلایەن پۆلیسی وڵاتی ئیتالیاوە دەستگیردەکرێت و ڕەنج پشدەری لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ڕایگەیاند، "لەئێستا لەلایەن پۆلیسی ئیتالیا دەسبەسەرکراوم چونکە شکایەتیان لێکردووم لەسەر کارەکانم".

ڕەنج پشدەری چالاکوانی ناسراوی دەزی کەچکردنی کوردان بەرەو یەکێتیی ئەوروپا چەند ڕۆژێک پێش ئێستا ڕایگەیاند کە بەڵەمێکی کەچبەران لە دەریای ئیتالیا نوقمبوو و نزیکەی 35 سەرنشینی کورد لێم بەڵەمە خنکاون لەکاتی هەوڵی کەچکردنیان بەرەو ئەوروپا.

دوایی بەشی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، کە لەسەر فەرمانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێم لیژنەیەک سەردانی ئیتالیای کرد بە بینینی ڕەوشی ئەو کەچبەرە کوردانە کە زەربەیان دانیشتوانی هەرێمی کوردستانن.

پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەممە و پێش دەستگیرکردنی چالاکوان ڕەنج پشدەری، کەناڵی کوردستان 24ی سەر

بە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند چالاکوان و ڕۆژنامەنوسێکی تەمەتبار کرد کە هانی خەڵک و گەنجانی هەرێمی کوردستان دەدەن بە کۆچکردن و لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی کوردستان 24 لەگەڵ نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئیتاڵیا، نوێنەری حکومەتی هەرێم ئەو چالاکوان و ڕۆژنامەنووسانەی کوردی تەمەتبار کرد بە هاندانی گەنجانی هەرێمی کوردستان بە کۆچکردنیان بە ئەوروپا و نوێنەری حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند کە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم بەفەرمیی سکاڵای لەسەر ئەو چالاکوانانە کرد بە تەمەتی هاندانی گەنجان بە کۆچکردن.

دوای ئەو چاوپێکەوتنە کە نوێنەری حکومەتی ماوە بە درێژکراوەی هەرێم لە ئیتاڵیا تەمەتی خستەپاڵ ڕۆژنامەنووس و چالاکوانان چالاکوانی بواری کۆچبەران ڕەنج پشدەری لەلایەن پۆلیسی ئیتاڵیاوە دەستگیر دەکرێت.

ڕۆژنامەنووس هەڵگورد عومەر دەڵێت: هەندێک لایەنی پەیوەندیدار و سیخوڕی حکومەتی هەرێم لەدوای ڕووداوی دەستگیرکردنی چالاکوان و ڕۆژنامەنووس ڕەنج پشدەریە-یین.

شایەنی باسە، هەفتەی ڕابردوو 70 کۆچبەر لەدووڕگەی بەدروم لە تورکیا بەرەو یۆنان بەرەکەوتن، لە ڕێژی سەشەمە ئەو کۆچبەرانە شوێنی جوگرافی بەلەمەکیان بەاوکردەوە کە بەسەلامەتی ئاوی یۆنانیان تێپەڕاندووە. ڕەنج پشدەری لە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ میدیای کوردسات وتی: دوای سەشەمە (11ـی حوزەیرانی 2024) بەلەمەکە دیار نەماوەو ڕێژی پێنجشەمە دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیسی ئیتاڵیا، دەرکەوتووە کە بەلەمەکیان نوقوم بووەو لە ئەنجامدا 60 کەسیان خنکاون.

ڕاشیگەیاند، لەو ژمارەیە 35 کۆچبەریان کوردی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، ئەوانەی دیکە ئێرانی و ئەفغانین، 10 کەسیش ڕزگارکراون و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون و ڕەوشی تەندروستییان ناجێگیرە.